رووداو

# ئەدەب و کولتوور

ژمارە (9) دووشەممە 2017/2/27

email: bijar.hekim@rudaw.net

www.rudaw.net



ژمارەی داهاتوو:

» دەقێکی نوێی رەفیق سابیر

» گفتوگۆ لەگەڵ شاعیر ئەحمەدی مەلا




# تەقە لە کۆلارە مەکەن

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

فەریدە چیچەکئۆغڵوو، ژنە نووسەری تورکیا، بە چیرۆکی راستەقینەی "منداڵێک لە زیندان" ناوبانگی دەرکرد. چیچەکئۆغڵوو لە ساڵی 1951 لە ئەنقەرە لەدایکبووە، دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی خوێندنی باڵا، نامەی دکتۆراکەی لە زانکۆی پەنسیلڤانیای ئەمریکا نووسی.

چیچەک لە زانکۆی بیلگی لە ئیستەنبوڵ بووە مامۆستا. دوای کودەتاکەی 12ی ئەیلول دەستگیرکرا و بۆ ماوەی 4 ساڵ زیندانیکرا. لە زیندان منداڵێکی ناسی کە ژیانی پڕبوو لە ئازار و ناخۆشی. دوای هاتنەدەرەوەی لە زیندان، چیرۆکی ئەو منداڵەی کردە رۆمانێک بەناوی " تەقە لە کۆلارە مەکەن". دوای ئەوەی ئەو کتێبە کرایە سیناریۆی فیلمێکی 100 خولەکی و بڵاوکرایەوە، ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێنا.

هەرچەندە چیچەکئۆغڵوو پێشتر کتێبێکی دیکەی نوسیبوو، بەڵام "تەقە لە کۆلارە مەکەن" ناوبانگی زۆری بۆ فەریدە پەیداکرد. دواتریش سیناریۆی فیلمێکی نووسی بەناوی "رێگەی بەرەوهیوا" و لە ئۆسکاری 1990-1989دا خەڵاتی باشترین فیلمی بیانی بەدەستهێنا.

چیچەکئۆغلوو هەر بەوەندەوە نەوەستا، بەڵکو کتێبی "ئێوە هەرگیز باوکتان مردووە؟"ی نووسی، کە خەڵاتی نێوەندی ئەدەبیاتی لیبۆن-ی پێبەخشرا. بەشێک لە کارەکانی دیکەی فەریدە چیچەکئۆغڵوو بریتین لە سیناریۆی دراما و فیلم، وەک: کچە زێڕینەکان، دوای جێپەنجەکان، ماڵی فریشتەکان، شارە زێڕینەکەی ئیستەنبوڵ، ئەوبەری ئاو، رێگەی بەرەو هیوا، تەقە لە کۆلارە مەکەن، ئەو شوێنەی کە بەهاری لێ تەواو دەبێت.

کتێبەکانی بریتین لە " نارەزایی شار، شاری تۆمارکراو، پەیام لە وڵاتی سەدەمینەوە، ئەوبەری ئاو، ئێوە هیچ بوکتان مردووە؟"

تەقە لە کۆلارە مەکەن، باسی زیندانی ژنانە لە چاوی منداڵێکی تەمەن ٥ ساڵانەوە لەگەڵ تێکەڵکردنی باسی خۆشەویستی. منداڵێکی تەمەن 5 ساڵان چ تاوانێکی هەیە وا خراوەتە چواردیوارەوە؟ ئەو منداڵی دایکێکە کە بەهۆی ماددەی هۆشبەرەوە خراوەتە زیندان.

فەریدە چیچەکئۆغڵوو، یەکێک لە نووسەر و سیناریستە بەنێوبانگەکانی تورکیایە. کتێبی تەقە لە کۆلار مەکەن، لەلایەن کەیوان هەورامییەوە کراوەتە کوردی و ئێستا لە کتێبفرۆشییەکاندا دەستدەکەوێت.

# دەستنووسی چیرۆکی «پڕ تارمایی» وێڵز دۆزرایەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

چیرۆکێکی تارمایی لەژێر ناونیشانی "پڕ تارمایی"ی نووسەر هێربێت جۆرج وێڵز، نووسەری ناوداری بەریتانیا، لە ئەرشیفێکی تایبەتیدا دۆزرایەوە. چەند کەسێکی شارەزا و توێژەر لەبارەی ژیاننامەی وێڵز رایانگەیاند بەهیچ شێوەیەک زانیارییان لەبارەی ئەو چیرۆکەوە نەبووە. ئەو چیرۆکە پڕ ترس و تۆقێنەرەی وێڵز لە گۆڤارەکاندا بڵاوکرایەوە. چیرۆکەکە لەکاتێکدا دۆزرایەوە کە ئەندرۆ گۆلی، سەرنووسەری گۆڤاری "ستراند"، زانیی کە کتێبخانەی زانکۆی ئیلینۆی ئەمریکی ئەرشیفێکی تایبەتی نووسەر وێڵز-ی هەیە، بۆیە خۆی و وێنەگرێک بەخێرایی، دوای وەرگرتنی مۆڵەتی تایبەتی، وێنەی سەرجەم لاپەڕەکانی نێو ئەرشیفەکەیان گرت، بۆئەوەی شتێکی نوێ لەبارەیەوە بدۆزنەوە و کارێکی تایبەتی بۆ بکەن.

گۆلی بە رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی راگەیاند، لەسەرەتاوە وای بۆ دەچووم شاکاری زۆر ناوازە دەدۆزینەوە، بەتایبەتی ئەو کارانەی ئیمزای تایبەتی خۆی لەسەرە و دوای هەوڵدان و وێنەگرتنی هەزاران لاپەڕە و ماندووبوونێکی یەکجار زۆر، ئەم چیرۆکە قەشەنگەمان دەستکەوت.

گۆلی چیرۆکەکەی بە کۆکراوەی لاپەڕە پەرت و پەرش و بڵاوەکانی ئەو نووسەرە بەناوبانگە وەسفکرد و رایگەیاند چیرۆکێکی کلاسیکی و بەدەر لە هەموو شتێکی ئاسایی لە تواناکانی سروشتدا رەنگدانەوەی بۆ کراوە، باسی دوو کەسایەتی دەکات کە لە دوو قوتابخانەی هزریی جیاواز لە رووداوە ئەدەبییەکاندا کە رووبەرووی جیهان دەبنەوە دەخوێنن. هەروەها گوتی چیرۆکەکە زۆر نزیکە لە نێوەرۆکی چیرۆکی "ژوورە سوورەکە"، بەڵام بە ستایلێکی تایبەت کاری بۆ کراوە.

شارەزایان پێیانوایە چیرۆکەکە لە نێوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا نووسراوە، کاتێک نووسەر لە تەمەنی 30 ساڵیدا بووە. واتە چیرۆکەکە لە سەروبەندی بڵاوکردنەوەی چیرۆکی "ژوورە سوورەکە" زۆر نزیکە و ناونیشانەکەشی "پڕ تارمایی" باسی شەوە ترسناکەکانی گەنجێکی رارا دەکات کە هەوڵدەدات بیسەلمێنێت، کۆشکە پڕ لە تارماییەکە نییە و تەنیا ترسێکە و مرۆڤ بۆخۆی داتاشیوە.

وێڵز بە چیرۆکی خەیاڵیی زانستی ناوبانگی دەرکردووە. وەک "ئامێری زەمەن" و "جەنگی گەردوون"، بەڵام ئەو چیرۆکە پڕ تارمایی و ترسناکەی کە نووسیبووی شاکارێکی زۆر گرنگ بوو.

وێڵز بەپێی زانیارییەکان ئەم چیرۆکەی لە سەرەتای 1895 نوسیووە، لەو سەردەمەی کە خەڵکی زۆر لە تارماییەک دەترسان و لە هەموو کۆمەڵگەدا بڵاوبووەوە. کەس بەتەنیا بوێری ئەوەی نەدەکرد شەوانە لە شوێنە تاریکەکاندا بخولێتەوە.

بە بەراورد لەگەڵ چیرۆکەکانی دیکە، باریندەر "شارەزای یەکەم لە کاروبارەکانی وێڵز" لەمبارەیەوە دەڵێت: بۆچی وێڵز ئەم چیرۆکەی نەفرۆشت و ئەگەر فرۆشتبێتی بۆچی بڵاونەکراوەتەوە؟ هاوکات شیربۆرن "شارەزای دووەم لە کاروبارەکانی وێڵز" پێیوایە ئەو چیرۆکە تاکە چیرۆکی وێڵزە کە بەو شێواز و ستایلە نووسرابێ، کارێکی زۆر ناوازەیە و تایبەتمەندیی بەخۆیەوە هەیە، زۆر بەوردی و هۆشیاری و داناییەوە نووسراوە.

گولی سەرنووسەری گۆڤاری "ستراند" ئاشکرایکرد کە هۆکاری بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەریتی خوێندنەوەی چیرۆک و گێڕانەوەی لە شەوە تاریک و درێژەکانی زستان درێژەی پێ بدرێت و بمێنێتەوە. هەروەها بۆ ئەو کەسانەی تا درەنگانی شەو بەدەم یاریکردنی شەترەنجەوە کاتیان بەسەردەبەن، ئەمەش دەبێتە مایەی گەنگەشەکردنیان بۆ چیرۆکی "بنمیچی پڕ تارمایی".



# دواهەمین شەوی سەرۆك


"دواهەمین شەوی سەرۆک" رۆمانێکە وردەکارییەکانی دوایین شەوی ژیانی سەرۆکی لیبیا، موعەممەر قەزافی دەگێڕێتەوە. هەڵبەت ئاشکرایە کە ژیانی دیکتاتۆرەکان هەمیشە بابەتێکی دەوڵەمەند و بەپێز بووە بۆ رۆماننووسان. لە مێژووی رۆمانی جیهانیدا شاکارگەلێک هەن کە چوونەتە خانەی نەمرییەوە. بۆنموونە: "جەنابی سەرۆک"ی میگیل ئانخل ئاستۆریاس و "پاییزی پەتریارک"ی گابرییێل گارسیا مارکیز و "ئاهەنگی تەگەکە"ی ماریۆ ڤارگاس یۆسا و زۆری دیکە.

کەسایەتیی موعەممەر قەزافی کەسایەتییەکی پڕ گرێ و گۆڵ و رووداو و حاڵەت و رەفتاری سەیر و سەمەرە بووە، بۆیە ژیانی ئەویش زەوییەکی بەپیتە بۆ رۆمان، بەتایبەتیش کاتێک بەهاری عەرەبی کۆمەڵێک لە وڵاتانی عەرەبیی تەنییەوە و بووە هۆی راماڵینی چەند دیکتاتۆرێک و لەنێویشیاندا موعەممەر قەزافی. ئەمانە پێکەوە وایانکرد رۆماننووسێکی وەک یاسمینە خەزرا بیکاتە بابەتێک بۆ ئەو رۆمانەی هەر لەدوای چاپکردنییەوە بۆ چەندین زمانی جیهانی وەرگێڕدرا و لە رۆژنامە و گۆڤارە بیانییەکاندا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو.

نووسەر لەم رۆمانەدا قەزافی وا دەخاتەڕوو کە کەسێکە دووچاری پارانۆیا (Paranoia) یان میگالۆمانیا (Megalomania) بووە و تا رادەی شێتی خۆی بە کەسێکی مەزن و بگرە خۆی بە ئەفسانە دەزانێ. تەنانەت هەندێجار خۆی بە پێغەمبەرەکان بەراورددەکات. ئەو خۆی بە خاوەنی شۆڕش و لیبیا و هەموو ژنەکان دەزانێت. ئەو لەو دوا شەوی ژیانیشیدا و بەرلەوەی دووچاری چارەنووسە تراژیدیاییەکەی بێت، هەر لەو بڕوایەدایە کە خوا لەپاڵیدایە و هیچ هێزێک نییە نووچی پێ بدات. هەڵبەت ئەمە وێناکردنێکە بۆ خود کە لەلای زۆربەی دیکتاتۆرەکانی دنیا هەبووە و هەیە و هۆکارێکی دوولایەنەی هەیە: یەکەمیان ئەوەی کە ئەو جۆرە کەسانە تۆوی دەسەڵاتگەرایی و دروستبوونی دیکتاتۆر لە کاراکتەریاندا هەیە. دووەمیشیان، کە ئەمەیان پتر رۆڵ دەبینێت، دەستبەرداربوونی خەڵکە لە ئازادی و مافی خۆیان بۆ ئەو جۆرە کەسایەتییانە و بەئەفسانەکردنیان و پاشانیش ئەو مەکینەی درۆ و راپۆرتە ساختانەی لەلایەن بەرپرسان و لێپرسراوانی چواردەوری دیکتاتۆرەوە پێیدەدرێ.

رووداوەکانی ئەو رۆمانە لە شاری سیرتدا و لە دوا شەوی ژیانی قەزافیدا روودەدات. واتە لە شەوی 20-19 ئۆکتۆبەری 2011، کە لەگەڵ کۆمەڵێک لە سەرکردە سەربازییەکان و وەزیرەکان و چەکدارەکان و دەستوپێوەندەکانیدا لە باڵەخانەی قوتابخانەیەکی چۆڵکراودا خۆیان پەناداوە و چاوەڕێی چارەنووسێک دەکەن کە ناڕوون و نادیارە.

ئەم رۆمانە لەلایەن ئازاد بەرزنجی کراوە بە کوردی.





## بژاردەی مەحوی

# لەنێوان مەلا و تەرسا

### لەگەڵ دەستی مەلا ڕێ ناکەوێ زوننارى زوڵفی یار
### وەکوو (شێخ) ئیختیاری مەزهەبی (تەرسا) نەکەم، چ بکەم!

مەحوی



■ داماك هەورامی

زۆرجار گوێمان لەوە دەبێ، کە پەیوەندیی رۆحیی لەگەڵ خودا لەرێگەی رێسا و دەستووره ئایینییەکانەوە لووتکەی پەیوەندییەکانی مرۆڤ بووە. هەر لە دێرزەمانەوە زۆرترین ئاستی فیداکاریی مرۆڤ لەو پێناوەدا بووە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو پەیوەندییە، پەیوەندییەکی رۆحییە لەگەڵ مەعشووقی راستەقینە (خودا) و، مادام لە باڵاترینی پەیوەندییەکانی مرۆڤە و لە رۆحەوە سەرچاوە دەگرێت، زۆرترین فیداکاری تێدا بەدیدەکرێت. دەی کەوابوو ئایا هیچ پەیوەندییەکی دیکەی مرۆڤ هەیە بگاتە ئەو ئاستە و شوێنی ئەو پەیوەندییە خۆشویستنە باڵایەبگرێتەوە؟

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو بەیتە، دەبینین مەحوی دوو شتی دژییەکی بەکارهێناوە، ئەویش (مەلا) و (تەرسا)ن، وەک دوو رێگە ئاماژەیان پێدەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، کە (یار) ە. مەحوی دەفەرموێ ئەگەر رێبازی (مەلا)، کە ئاماژەیە بۆ دینی ئیسلام هەڵبژێرین، ئەوە ناگەین بە یار، ئەگەر (تەرسا)شمان هەڵبژارد، کە ئاماژەیە بۆ دینی مەسیح، ئیدی دەبێ وەک شێخی سەنعان لە دینی خۆمان وەرگەڕێین. وەک مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس ئاماژەی پێکردووە، (زوننار) پشتێنێکی دوو توێی مەسیحییەکان بووە بۆ خۆجیاکردنەوە لە موسوڵمانان بەستوویانە، (شێخ)یش ئاماژەیەکە بۆ شێخی سەنعان. (تەرسا)ش ئەو مەسیحییە رەبەنانە بوون، کە ئەم پشتوێنە دوو توێیەیان بەستووە.

ئەگەر بەشێوەیەکی رووکاری سەیری بەیتە شیعرییەکە بکەین، وا دەردەکەوێت کە مەحوی پێمان بڵێت (مەلا) و مەعشووقە یەکناگرنەوە و دەبێ ئامادەیی گۆڕینی دینمان هەبێت بۆئەوەی بگەینە (یار)، وەک شێخی سەنعان کە لە دینی ئیسلام دەرچوو و بوو بە فەڵە (مەسیحی). لەم بەیتەدا مەحوی لێکچوواندنی لەنێوان پشتوێنە رەشە دوو توێیەکەی (تەرسا)کان و زوڵفی رەشی (یار)دا کردووە. بە واتایەکی دیکە، بۆئەوەی دەستمان بگاتە زولفی (یار)، دەبێ دینی خۆمانی بۆ ببەخشین. لەڕووی رەوانبێژییەوە، مەحوی لەنێوان (زوننار) و (زوڵفی یار)دا لێکچوواندنی کردووە و زوڵفی یاری بە زوننار چوواندووە. هەروەها لێکدژیی لەنێوان (مەلا) و (تەرسا)دا هەیە.

بەڵام ئەگەر وردتر سەرنج بدەینە بەیتە شیعرەکە، دەگەینە ئەو راستییەی کە هیچ لەو رێگەیانە نامانگەیەنن بە (یار)! هەرچەندە وا دەردەکەوێت کە (مەلا) و (تەرسا) دوو جەمسەری دینیی جیان، بەڵام هەریەکە لەوانە بەجۆرێک رێگری لە گەیشتنە (یار) دەکەن. بە واتایەکی دیکە، مەحوی پێماندەڵێت هەردوولا هەڵەن. یەکەمیان (مەلا) خۆشویستنی (یار)ی حەرامکردووە و بە گوناهی دەزانێت پەیوەندیی خۆشەویستیت لەگەڵ (یار)دا هەبێت، چونکە کەسێکی نامەحرەمە و دینی ئیسلام رێگری لەو خۆشویستنە دەکات. دووەمیان (تەرسا) بەهەمانشێوە خۆی بۆ ژیانی ئاخیرەت و مەسیح و خودا دادەنێت و لەم ژیانەدا (یار)ی لەخۆی حەرام کردووە.

مەحوی دەیەوێت پێمان بڵێت، گۆڕینی دین هیچ جیاوازی و خراپەکارییەکی تێدانییە ئەگەر بێت و بتگەیەنێت بە مەعشوقی راستەقینە. دەیەوێت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەمان شتی (صیدی هەورامی)مان بۆ دووپات بکاتەوە کە دەڵێت:

تا مەجاز نەبۆ حەقیق نمە بۆ
حەقیق بێ مەجاز تەحقیق نمە بۆ

دەیەوێت بڵێت ئەوە عیشقی مەجازی عیشقی مرۆڤ بۆ هەر شتێک جگە لە خودا)یە دەبێتە پلیکانە و بەرزمان دەکاتەوە و دەمانگەیەنێت بە عیشقی حەقیقی (عیشقی مرۆڤ بۆخوا). مەحوی پێمان دەڵێت ئەوە دین نییە دەمانگەیەنێت بە خودا، بەڵکو ئەوە خۆشەویستیی یارە (عیشقی مەجازی) لە خودامان نزیک دەکاتەوە و بەومان دەگەیەنێت (عیشقیحەقیقی)، ئیدی گرنگ نییە لەسەر چ دینێکی.

پەیوەندیی خۆشەویستی (عیشق) جێگرەوەی خۆشەویستییە خواییەکە نییە، بەڵکو رێگەخۆشکەر و پلیکانەیەکە بۆ گەیشتنە ئاستی خۆشویستنی راستەقینە، کە لای مەحوی خودایە.



# ئەدەب و سیاسەت

## سنووری ناکۆتا و خاڵی بنبەست



■ سوارە نەجمەدین

زنجیرەی بڵاوکراوەکانی ناوەندی رۆشبیریی ئەندێشە لە مانگی دیسەمبەری رابردوو، زۆر کتێبی ئەدەبی سەرنجڕاکێش و دانسقە بوون، لێ لەنێویاندا دوو کتێب زۆر سەرنجی راکێشام، رۆمانی (پاسەوانانی خودا)ی عەتا محەممەد و (هێزی ئەدەب)ی رەبیع جابر، کە شوان ئەحمەد کردوویەتی بە کوردی. بۆ یەکەمیان هەمیشە چاوەڕوانی بەرهەمەکانیم، پێویستم بەوە نییە تەنانەت لەسەر رەفەکە هەڵیبگرم و بزانم بۆ کڕین شیاوە یان نا، هەڵبەت بۆ دووەمیشیان چ نووسینەکانی رەبیع جابر و چ وەرگێڕانەکانی شوان ئەحمەد، شایەنی ئەوەن هەمیشە کتێبی دڵخوازتبن.

کتێبی هێزی ئەدەب لەو جۆرە کتێبانەیە بەر لە خوێندنەوەی ناونیشانەکەی، دونیایەک پرسیارت لەلا دروست دەکەن. دەبێ هێزی ئەدەب چەند بێت؟ دەبێ توانای ئەدەب بۆ گۆڕینی دنیا یان بۆ گۆڕینی مرۆڤ چەند بێت؟ هێزی ئەدەب لەکوێدایە؟ ئەمانە و دەیان پرسیاری دیکە. ئەم نووسینە دەربارەی کتێبی هێزی ئەدەب نییە، بەڵکو دەربارەی خودی هێزی ئەدەبە، دەربارەی ئەو بیرۆکەیەیە کە دەمێکە لە مێشکدا دێت و دەچێت و پەیوەندی نێوان هێزی ئەدەب و هێزەکانی دیکەم لەگەڵ تاوتوێ دەکات، لێ کاتێک کتێبەکەی رەبیع جابرم گرت بەدەستمەوە و یەکەمین دێڕم خوێندەوە (هێزی ئەدەب، لەوەدایە کە توانای بەردەوامێتیی هەیە). سەرلەنوێ بیرۆکەکە لە مێشکمدا کەوتەوە پەلەقاژێ.

بەڵێ ئەدەب توانای بەردەوامێتی هەیە، توانی مانەوەی هەیە، توانای گۆڕانی هەیە، ئەوەی من بیری لێدەکەمەوە لە توانای بەردەوامێتی زیاترە، بەڵکو توانای بەزاندنی سنووری هەیە، تۆ کە ئەدیب بوویت ئەرکەکەت لە بازنەی فەرمانبەرییەکەت زیاترە، لێپرسراوی ئۆرگانێکی حیزبی یان دامەزراوەیەکی حکومی نیت، بۆت دیاریکرابێت سنووری کارەکەی تۆ تا کوێیە. تەنانەت وەک ئەرکی سەرۆکی وڵاتیش نییە، بازنەکەت چەندین پارێزگا بێت، تۆ ئەدیب بوویت سنووری نووسینت زمانەکەتە، لێ سنوری ئامانجتناکۆتاییە.

چیرۆک، شیعر، رۆمان بەتەنیا بۆ زمانێک نانووسرێت، چاوێک بە ناوی ئەدیبەکاندا بگێڕە، چیخۆف لە رووسیاوە دێتە نێو ماڵێک لە سابوونکەران، گەنجێک لە کونجی دووکانێکی شێخەڵڵا بە دیار سەد ساڵ تەنیایی مارکیزەوە تاساوە، جا ت. س. ئەلیوت لەکوێ نییە! بۆرخێس کاریگەریی لەسەر کێ دانەناوە!


سنووری ئەدەب چ لە شوێن و چ لە کات ناکۆتا درێژدەبێتەوە. تا زەمەن بمێنێت دۆنکیخۆت دەمێنێت. تا کات هەبێت (تاوان و سزا) کاریگەری دروست دەکات. ئەدەب بۆ سەردەم و کاتێک نانووسرێت، بۆ مانەوە و بەردەوامێتی دەنووسرێت. دوو سەد ساڵە نالی هێشتا لە تافی لاویدایە. سەد ساڵە گۆڕان و پیرەمێرد و شێخ نووری هێشتا هەر لە نێوماندان. بیر لە تەمەنی ئەلیاد و ئۆدیسە بکەوە. بیر لە هۆمیرۆس، بیر لە تەمەنی ئەدیبان بکەوە، هەڵبەت تەمەنی بەرهەمەکەی نەک نووسەرەکە. تەمەنی پاڵەوانەکەی نەک خودی خۆی. تەمەنی سێرڤانتس حەفتا ساڵ بوو لێ تەمەنی دۆنکیشۆت زیاتر لە چوار سەد ساڵە و هێشتا هەر لە هەڕەتی لاوی دایە، تەمەنی نیکۆس کازانتزاکیس حەفتا و چوار ساڵ بوو، لێ زۆربا نەمرە و بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە.

پاڵەوانی زیندوو یان کتێبی زیندوو ئاوی حەیات دەخواتەوە، لێ نووسەرەکەی وەک خدری ئەفسانە وێڵی دوای ئاوی نەمرییە. ئەوەی ئاوەکە دەخواتەوە بەرهەمەکەیەتی. بەرهەمەکەش خودی خۆیەتی. پەیوەندیی نێوان ئەدیب و بەرهەم، پەیوەندی نەوە خستنەوەیە، ئەدیبی راستەقینە چەند نەوەیەک دەخاتەوە و بۆ هەمیشە ڕەگەزەکەی بەردەوام دەبێت، هەرچۆن ئەدیب هەیە دەیان کتێبی هەیە و وەجاخی کوێرە.

پرسی سنوور بە پێچەوانەی سیاسەتەوە لە ئەدەبدا تێک دەشکێنرێ، چۆن سیاسەت کار لەسەر دروستکردنی سنور دەکات، کار لەسەر زیادکردنی هێڵە سوورەکان دەکات، بەپێچەوانەوە ئەدەب دەیەوێت هەموو سنوورێک تێک بشکێنێ، لە سنووری لاپەڕەوە تاوەکو سنووری واقع. بە نمونە لە تورکیا ئەردۆگان کار لەسەر سنوردارکردن و مۆنۆپۆڵکردنی دەنگی جیاواز دەکات، دەیەوێت تورکیایەکی ئەردۆگانی تاک ئاڕاستەیی دروست بکات، لە بەرانبەردا پاموک کار لەسەر تێکشکاندنی سنوور دەکات بە هەموو ماناکانییەوە، ئەوە پاموکە دەمێنێتەوە، ئەوە ئەردۆگانیشەنامێنێتەوە.


ئەگەر من سەرپشک بم لە نێوان دەستوری تورکیا و رۆمانی بەفردا، بێ دوو دڵی دووهەمیان هەڵدەبژێرم، چونکە لەو باوەڕەدام ئەوەیان زیاتر کار لەسەر ماف دەکات. ئەگەر هاوڵاتییەکی فەڕەنسی بم شانازی بە مارسیل پرۆست و موپاسانەوە دەکەم نەک ناپلیۆن، ئەگەر ئەڵمانیبم گۆتەم لا پەسەندتر دەبێت وەک لە مێرکڵ. بەریتانییەکان جوانترە شانازی بە بەرفراوانی شکسپیرەوە بکەن نەک بە بەرفراوانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی کە دەڵێن رۆژانێک لە لایەک خۆر هەڵدەهات و لە لایەک خۆر ئاوا دەبوو. سنووری دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا هەرگیز ئەوەندە فراوان نەبووە، کە شکسپیر ئەمرۆ پێی گەیشتووە.

بەکورتی ئەوەی دەمەوێت پیشانی بدەم، بەرفراوانی و بێ سنوری و بەردەوامی ئەدەبە، لە بەرانبەر کایەکانی دیکەدا کە هەمیشە سنوردار و کاتین. لە هەمانکاتدا ئامانج لە ئەدەب جیاوازە لە ئامانجەکانی دیکە، ئامانجی ئەدەب بۆ جوانکردنی دنیایە، نەک بۆ مۆنۆپۆڵکردن، ئەدەب دەیەوێت دنیا بە سەروشتی خۆی بمێنێتەوە، لێ کایەکانی دیکە کار لەسەر رەنگکردن دەکەن بە رەنگی ئاڵاکەی خۆیان.



# شەمەندەفەری ئەنفال
## لە بیابانی عەرعەرەوە

«لە عەرعەرەوە قسەدەکەم
لە باخچە هەڵواسراوەکانی ئەنفالەوە
لە عەرعەرەوە قسەدەکەم
بستێك لە ئەشکەوتی حەرائەوە دوور»
قوبادی جەلیزادە



■ ڕۆستەم ئاغالە

نیگار و پەیکەری سەر دیوار، زۆرترین بینەری لەنزیکەوە هەیە، بەبێئەوەی سەردانی گەلەری و مۆزەخانەکان بکەین، دەتوانین کاری هونەریی باش بەئاسانی ببینین لەسەر لادیوارەکان. هونەری سەردیوار، کولتوور و مێژووی ڕووداوەکانی گەلانە و گوزارشتکردنە لە پەیامی ڕۆشنبیریی بە پلە یەک. ئیستاتیکاشە بە پلە دوو. زۆربەی کات هونەری سەر دیوار، کارێکی ڕێکخراو و هاوتایە بۆ بەستنەوەی ڕابردوو بە ئێستا. ڕوانینە لە ڕیالیزمی داهاتوو. نموونەش لادیوارە (جداریە) نەخشاوەکانی فیرعەونەکان و یۆنانی و ڕۆمانییەکانە.

شێوەکار عوسمان قادر نزیکەی دە ساڵە دێت و دەڕوات. وەک فیگەرەکانی ماندوو بە کاری پەراوەی خوێندن و پەراوەی کرداریی نیگارکێشانی ئەنفال. ئەنفال ماندووبوونێکی ناسراوی بازنەی بواری بابەتی ڕووداوی مێژوویی ئەنفالی کوردانە. ئەو شێوەکارێکە شایەنی نازناوی (شێوەکاری هێڵی ئەنفال)ە. لە سەرەتای ئەمساڵەوە بە نەخشاندنی پەیکەری ئەنفال لەسەر لادیوارێکی شاری سلێمانی، توانیی خۆی داکوتێ لە هەستی جوانکردنی شار و لۆژیکماندا.

ئەو جوانترین پەیکەری لادیواری هەڵواسی لە شاری سلێمانی دەربارەی کوشتاری کوردان لە ساڵی 1988 . سەدام بە تالانێکی دیرۆکی ئاینی، چوارچێوەداری بە شەرعکراوی کوردی قەتڵوعام کرد، پرۆسەکەشی بە ئەنفال ناوبرد و خۆی کردە نوێنەری خودا لەسەر زەوی. بەعسییەکان بوونە دڕندە بۆ گیانی فیگەرەکانی عوسمان لە باشووری کوردستان. چی دەبوو ئەو ئایەتە لە قورئاندا نەبووایە! سەدام حوسێنیش (کوڕە ڕەش) کە دوا ڕۆژەکانی ژیانی لە بەندیخانە بوو، لەوە ناچێ لە کاتی خوێندنی قورئان، جورئەتی ئەوەی هەبووبێ ئایەتی ئەنفال بخوێنێتەوە. ئەدۆنیس گوتەنی (خوایە لە کوردەکان ببوورە کە قورئان ختم ناکەن، چونکە ناتوانن سوورەتی ئەنفال بخوێننەوە)، ئەنفال ناوی هەشتەمین سووڕەتی قورئانە، زۆربەی ئایەتەکانی باس لە شەڕ و جیهاد دژ بە نەیاران و بێ باوەڕانی ئایدۆلۆژی ئیسلام دەکەن. سووڕەکە بەو ئایەتە دەستپێدەکات " سوورەتەدا واهاتووە (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنفَالِ قُلِ الْأَنفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) واتە "(ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی دەسکەوتەکان، تۆ بڵێ: هەموو دەسکەوتەکان هی خوا و پێغەمبەرن (هەر ئەوان بۆیان هەیە بڕیاری چۆنیەتی دابەشکردنی بدەن)، کەواتە لە خوا بترسن و چاکسازی نێوانی خۆتان بکەن (مەیەڵن لەسەر تەماعی دنیا نێوانتان بشێوێت) و فەرمانبەرداری خوا و پێغەمبەرەکەی بن، ئەگەر ئێوە ئیماندارن". هەر لەو سوورەتەدا خوا باس لە چۆنیەتی و ڕێگای دابەشکردنی دەستکەوتەکان ( غنائم ) دەکات کە موسڵمانان لە شەڕدا لەگەڵ بێ باوەڕان و بتپەڕستاندا دەستیان دەکەوێ.

### کەرستە و تەکنیك:

کارەکە لە ڕووبەردا تابلۆیە، لە نزیکیشەوە پەیکەری ریلفی پشت تەختە. بەبیرۆکەیەکی زیرەکانە بە تەکنیکی ئاسن و ئاگر، کارە هونەرییەکەی دروستکردووە. درێژی تابلۆکە 16 مەترە و بەرزترین فیگەری چوار مەتر و نیوە، لە 12 فیگەر و سەگێک پێکهاتووە. هونەرمەند لە دروستکردنی تابلۆکەدا چەندین تۆن ئاسنی بەکارهێناوە. ئەستووری لێوی ئاسنەکە 10 ملیمەترە، بە ڕەنگی ژەنگ ڕووپۆش کراوە. ئاسنەکە زۆر زیرەکانە بە ئامێری میکانیکی هەڵکۆڵدراوە. بە دەستیش ڕێکخراوە و بە یەکەوە لکێندراوە. هەروەها بە دیوارێکی کۆنکرێتی گردی شاخ و خۆڵ ڕاگراوە، هەڵواسراوە.

لە شوێنی پەتی نێوان کەمەر و قاچی فیگەرەکان، کێبلی فافۆنی گەیەنەری کارەبای بەکارهاتووە، کە ڕووحی پەتی ئاسایی دەدات. زۆر وەستایانە هێنان و بردنی لە ژێر قاچەکان پێوە کردووە، بە جۆرێک هەست بە نەرمی و بەیەک بەستنەوە دەکەیت، هەروەها بووەتە خاڵی سەرەتا و کۆتایی شەمەندەفەری پەککەوتووی ئەنفال .

هەڵبژاردنی کەرەستەی ئاسنی کانزایی (کارزانانەیە) پرۆفیشناڵە. بە ئەزموونی بینین لە شوێنانی دیکە هەڵبژێردراوە. بیر و خەوی هونەرمەند بووە تا ڕۆژێک هێڵی قەڵەم بە هێڵی ئاسن بگوازێتەوە سەر دیوارێکی درێژو بەرز. ئاسن، چوارەم توخمی پێکهێنەری زەوییە. مرۆڤ و ڕووەک بەبێ ئاسن ناژین، ژیانیش بەبێ ئاسن پێش ناکەوێ. ئاسن گوزارشتە لە هێز، مانەوە، ڕووبەڕووبوونەوە و ئازایەتی. هۆیەکیشە بۆ کۆت و بەند و تێکشکان. نیگارکێشانیش بە ئاسن هەوڵدانە لە ڕزگاربوون لە کۆیلایەتی. ئاسن دەستی مرۆڤایەتی بە هێز کردووە و لە ژێر سەری داناوە و بەردی نەکردووەتە ئامرازی هەمیشەیی ڕووبەڕووبوونەوە . ئاسن پەڕینەوەیە لە ژیانی کرمانجێتی بۆ شارستانی. هەر ئاسنیش هێزی چەوسانەوە و کوشتن و توندوتیژییە. هەر بەئاسنیش هێزی ئەنفالکاران دەڕوخێنرێت. کانزای ئاسن بە هێزە وەک بەرد، بۆیە ئەنفالیش بە ئاسن و بەرد کراوە. لە گێڕانەوەی ڕووداوەکەش بە ئاسن لەسەر پشتی بەرد، گوزارشتە لە هێز و دیسپلینی مانەوەی شوناس. باکگراوندی دیوارەکە ئێستا ڕەنگەکەی لە خزمەتی کارەکەدایە. فلاشباکی سروشتیی بیابان دەگەیێنێ، بەڵام کواڵێتی ڕەنگەکە زۆر نزمە و هێزی مانەوەی کەمە. ئەگەر هەر دیوارە کۆنکرێتییەکە بە سروشتی خۆی بووایە زۆر باشتردەبوو یان پێش داکوتینی کارەکە ئەو ڕەنگە بە بیابان کرابووایە بە کواڵێتییەکی بەرز، تاوەکو لە داهاتوودا نەبێتە پەلە و ناسازی . لەوانەیە خەرجیش هۆکاری ئەو کەم وکورتیانە بێ.

هەڵبژاردنی ڕووبەری دیوارەکە زۆرباشە. بۆشایی ڕووبەرەکە هێندە گەورەیە کارەکەی لە باوەش گرتووە، بەڵام شوێنی ڕاوەستان و تێڕامان لە کارەکە نالەبارە، سەرپێییانە، بەچاوخشاندنی شوفێرانە دەبێ بڕوانیتە ئەو شاکارە. ئەوەش داخی دەوێت. بۆ ئەو کارە منیش لە ناو شاری سلێمانی لەو شوێنە باشتر نابینم، ئاستی بینین بەرتەسکە و ناتوانی بەقەد بەرزی فیگەرەکانی دوورکەویتەوە لەبەردەمی بڕوانی. چونکە لە شەقامەکە ئۆتۆمبێل فڕکەی دێ. ئەو ڕۆژەی وێنەی کارەکەم دەگرت، خەریک بوو لاندکرۆزەرێک لوولم بکات .

تێڕوانین بە ئایدیای ئەکادیمیی لە کارەکە دەبوو لە شوێنێک بێت، بەپێوانەی بەرزی کارەکە و درێژی کارەکە شوێنی ڕاوەستان و دانیشتن هەبووایە، چونکە شاکارەکە ئەوە دەهێنێت و شایەنی شوێنی شایستەیە، بۆیە لە دنیادا تابلۆ یان پەیکەری سەر دیوارەکان، هەموو پرنسیپی ئیستاتیکا لە بۆشایی و کەلێن و واتاداریی بۆ دەکرێ . سروشت و ئاسمان و کەشی بینین کاری بۆ دەکرێ. بێگومان ئەو ڕوونکردنەوەیە بۆ کاک عوسمان نییە، چونکە ئەو کارزانە و لێزانە لە بوارەکەیدا. کارە هونەرییەکان لە پەیکەر یا مۆنۆمێنت یا تابلۆی سەر دیوار، تا ئەو ڕۆژەی هەڵدەواسرێ، مۆڵکی هونەرمەندە، دواتر حکومەت بەرپرسە لە پاراستن و نۆژەنکردنەوەی و خەڵکیش دەسەڵاتی دووەمی چاودێرە بۆ هەر وروشاندنێکی، بۆ خەڵک وا پێوستە خۆشەویستی بۆ ئەو هونەرە پۆپانە وەک بەشێک لە دیواری ماڵی خۆیان بیپارێزن.

### ڤیگەر و شوناسی نەتەوە

عوسمان قادری (هێڵی ئەنفال) بابەتی ئەنفال بووەتە شێوازیی نیگارکێشان. گوزارشتکردنی بابەتەکە بۆ ئەو بووەتە گۆڕەپانی دۆزینەوەی جوڵە و فیگەری نوێ و یاریکردن بە بینین و دووبارەکردنەوەی چیرۆکی کارەساتەکە لە کەسی دووەمەوە بۆ هونەرمەند. ڤیگەرەکانی کاک عوسمان دیکیۆمێنتکردنە بە هێڵ و ئاسن خۆ داکووتانە لە عەقڵ و بینیی ئێستا و داهاتووی چاوی شار کە ئاسن عەقڵ و ئایدۆلۆژیایە. دوای پەیکەری لادیواری دارا حەمەسەعید لە 1988 لە گۆڕەپانی سەرا کە لە کەرستەی بۆرک دروستکراوە. پەیکەری ریلفی لادیواری عوسمان قادر بووەتە جوانترین پەیکەری لا دیواری شار، دەبێ هەڵوەستەی بۆ بکەین .

فیگەرەکانی قوربانین و ناگەڕێنەوە. سەگەکەش پاش قەتار کە کەل و پارچەیان دەکات، کەسی فەرامۆشکراوی ناو بیابان و بەندەی بەر دەستی جەلادەکانن کە ئەوانیش قوربانی دووەمن. کەسانی ناو ڕووداوی ئەنفال بوونە قوربانیی بۆ مانەوەی ئێمە، بەڵام ئێمە هەندێکجار وەک کەسێکی پاسیف خۆمان جیادەکەینەوە لە قوربانیانی ئەنفال. هەندێ لە خەڵکی شارنشینان ئەنفالیان پێ ناخۆش نەبووە بە ڕەوایان بینیووە. بەلاتانەوە سەیر نەبێ هەندێ هونەرمەند لە بواری هونەرەجوانەکان کە خۆیان بە شارستان دەزانن ئەو بابەتە بەبێ بەها دەبینن. بە شایەنی ئەوەیان نەبینیوە کاری بۆ بکەن. خۆ ئێمە کۆنسێپتی ئایدۆلۆژی ئەنفالمان تێدا شین نەبووە، تا هەژار و نەخوێندەوارمان، بیرمەندمان شین و ماتەم بگێرین بۆ هۆلۆکۆستمان. ئەو کارە دەچێتە خانەی هونەریی ریالیزمی نوێوە. فیگەرەکان هەموویان یەک ڕۆڵ دەبینن ڕۆیشتن، هەڵاتن، کۆچ، برسێتی و ئاوڕ نەدانەوە تاوەکو کەوتن بە زەویدا، یان گوللەبارانکردن لە پشت و پێشەوە هەر بۆ یاری و هەوەسبازی. هونەرمەند دەیان ساڵە سکێچی ئەو ڤیگەرە سایدیزمیانە دەکێشێ و مرۆڤانێکن هەڵدێن و لاشەی خۆیان بە دوای خۆیان ڕادەکێشن. لە دەستی جەللاد و سەگی ئامرازی دەستی جەللاد. ئەویش قوربانیی برسیەتییەخۆرەی لەشی قوربانی و کۆتایهێنەری ماتریالی ڕووداوەکەیە.

جووڵە و هەنگاوی قاچ، سووڕانی دەم و لووتی ڤیگەرەکان هێندە واتادارە، زۆر جوان گوزارشتی لە بابەتی پرۆسەی ئەنفال کردووە. ڤیگەرەکان لە ڤیگەری گرافیکی ڕووسی دەچن و ئازایەتیشیان لە مانەوە و خۆڕاگریی هەژارانی گوندەکانی دەشتی کۆیە و گەرمیان دەچێ. هەر 12 ڤیگەرەکە بە یەک شێواز کێشراون، تەنیا سەگەکە نەبێ، جیا لەوان زۆر ریالیزمییانە کێشراوە. هیچ تێکشکانی نەکردووە لە قاچ و دەم و قەپۆز، بۆئەوەی دڕندانە دەربکەوێ.

# کۆدەکانی ڕۆمانی
# «مای نەیم ئز لەیلا»



■ پشتیوان هەڵەبجەیی

ڕۆمانی "مای نەیم ئز لەیلا" لە نووسینی بیتا مەلەکووتی و وەرگێڕانی مەریوان هەڵەبجەییە، لە 149 لاپەڕە پێکهاتووە. لە بڵاوکراوەکانی بیستەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ بوو. ڕۆمانەکە خۆی داوە لە قەرەی کۆمەڵێك چەمك و کۆدی شاراوە، کە لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێکیان بخەینەڕوو.

### چەمکی ئازادی:

یەکێک لە جوانییەکانی ئەو دەقە ڕاوەستانی نووسەرە لەسەر چەمکی ئازادی و باسکردنی کپکردنی کۆمەڵگەی ئێرانی بەناوی ئایین و چەوساندنەوەی تاکەکانی، بەڵام بە کۆمەڵێک کۆدی شاراوە، کە خوێنەر بەئاسانی کۆدەکانی بۆ ناشکێنرێت. بۆنموونە لە شوێنێکدا باسی کارەکتەری خانم دەکات و دەڵێ "بڕواناکەم خانم هیچکات پێکەنیبێت"، دەڵێ: "تەنانەت لە ماڵی پووریشدا ئەو مەقنەعەی دانەدەکەند". نووسەر بەو کۆدە بچووکە مەبەستی بووە وێنەی ژنی ئێرانی نیشانی دونیا بدا لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی ئایینییەوە، کە تەنانەت پێکەنینیشیان لێ حەرامکراوە، لەلای مەحرەمەکانی خۆشیاندا ناتوانن پرچیان دەرخەن. ئەو بە زمانێکی ناسک باسی ئەو نابووتیە گەورەیە دەکات، بە زمانێکی شیعری باسی ئەو مەئیووسییە زۆرە دەکات و دەیەوێ دونیا تێبگەیەنێت، کە ڕەوشی ژن لەو وڵاتەدا لە چ ئاستێکی مەترسیدایە.

لەلاپەڕە (32) دا کۆدێکی دیکە هەیە، کە لەیلا باسی عەباکەی خانم دەکات. خانم عەباکەی بەجۆرێک لەخۆی ئاڵاندووە تەنیا دەموچاوی بەدەرەوە بووە بۆئەوەی نەکەوێت. ئەمەش کۆدێکی زۆر سادەیە کە خوێنەر تێدە گەیەنێت ژن لەو وڵاتەدا چاوی تەنیا بۆ ئەوەیە کە نەکەوێت. لەلاپەڕە 33ش، باسی کەسایەتییەک دەکات بەناوی مەڕمەڕ کە بەو عەبایەی نوێژی پێکردووە لەهەمانکاتدا سەماشی پێکردووە، ئەمە نیشاندانی ئەو کۆد و وێنەیە کە نیو سەدەیە میللەتی ئێرانی تووشی نەبوونی ئازادی و بەجۆرێک لە جۆرەکان گەمژاندنیان کردووە . نووسەر ویستوویەتی بەڕوونی بە خوێنەر بڵێت ئەو عەبا ڕەشەی کە دەسەڵاتی مەزهەبیی ئێران فەرزی کردووە بەسەر ژنەکاندا، نەوەیەکی بوێری چاوکراوە هەن لە ماڵەکاندا لەبری خوداپەرستی سەمای پێوە دەکەن. کە لای من ئەوە جوانترین کۆدی ڕۆمانەکەیە.

نووسەر دەیان کۆدی دیکەی لە ڕۆمانەکەیدا شاردووەتەوە. هەر کۆدێک هەڵگری کۆمەڵێک نهێنی و دونیابینیی خۆیانن، کە لەبەشێکدا لافاوێک هەڵدەکات لە ماڵی دوو کارەکتەری ئێرانی دانیشتووی ئەمریکادا، جگە لە ملوانکەیەک کە یادەوەریی دایکی لەیلایە هەموو شت لەگەڵ خۆی دەبات، ئەوەش لافاو نییە بەڕووتی، لافاوی کولتووری ڕۆژئاوایە کە لەو هەموو کولتوورەی ئێران تەنیا ملوانکەیەک بۆ لەیلاکان دەمێنێتەوە. دواتر بە فلاش باک کارەکتەری لەیلا دەگەڕێتەوە بۆ ئێران و باسی لە سێدارەدانی براکەی دەکات کە پێش ئەوەی لە سێدارەی بدەن زمانیان بڕیووە. ئەمەش تەنیا زمان بڕینی یەک کەس نییە، ئەوە ئەو کۆدەیە نووسەر پێماندەڵێت تاکی ئەو وڵاتە لەبارودۆخێکدان تەنانەت بەوەش وازیان لێناهێنن کە زیندانێکیان بۆ دروستکردوون، لەزیندانەکەشدا زمانیان دەبڕن و ناهێڵن دەنگیان لێوەبێ.

نووسەر لە شوێنێکدا دەیەوێت بە کۆدێکی بچووک لە گەورەترین دیاردەی کۆنەپەرستی ئەو وڵاتە بدوێت، ئەویش دیاردەی خورافیات و مەزهەبگەراییە. بیتا لەزاری کارەکتەری خانمەوە دەڵێ: "من لەبەر ئیمام حوسێن هیچ شتێکی سارد و فێنک ناخۆم) نووسەر بەم دێڕە بەگژ ئەو دیاردەیەدا چووەتەوە و زۆر جوان تیشک دەخاتە سەر ئەو گەمژاندنەی میللەت لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە .

### دەروونی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی

لە بەشی یازدەی ئەم دەقەدا هەڵوێستەیەک لەبەرامبەر دەروونی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کراوە. نووسەر ویستوویەتی وێنەیەکی دەروونی مرۆڤی ڕۆژهەڵات، نیشانی دونیا بدات و ئەو توندڕەوییەی کە تاکی ڕۆژهەڵاتی گرتووەتەوە، وەک خۆی، بەڵام بە فیلتەری ئەدەب بە دونیای دەرەوەی ڕۆژهەڵات نیشان بدات، ئەمەش بە دروستکردنی وێنەیەکی تووڕەیی و شەڕی ناسر و لەیلا کراوە، کە کچەکەشیان لە تەمەنی 11 ساڵیدا بەشداری لەو تووڕەیی و شەڕەدا دەکات و سیفەتی ئەوان هەڵدەگرێت. ئەمەش ئەو ڕاستییەمان پێدەڵێت کە شەڕانگێزی و تووڕەیی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی، تەنیا خۆی وێران ناکات بەڵکو نەوە لەدوای نەوە و سەدە لەدوای سەدە نابووتییەکان بۆ یەکدی دەگوازینەوە و ناتوانین ژیان دۆستبین. تەنانەت ئەگەر بچنە ئەو سەری دونیاش و لەژینگە و جوگرافیایەکی دیکەشدا نەوە بخەنەوە، وەکو ڤایرۆس هەمان نەخۆشیی خۆیان و ڕۆژهەڵاتەکەیان بۆ نەوەکانیان دەگوازنەوە .

### تەکنیکی بەش بەشی چیرۆکئامێز

ئەو شێواز و تەکنیکەی کە ڕۆمانەکەی بەش بەشکردووە و لەشێوەی چیرۆکی سەربەخۆ دارێژراوە . لەهەر بەشێکدا خوێنەر هەست بە چێژ و مانا و تێگەیشتم دەکات. دواجاریش هەموو ڕۆمانەکە پێکەوە ناوەڕۆکێکی تایبەتی هەیە. نووسەر بەرێگایەکی سەختدا ڕۆیشتووە، خودی ئەوەی کە ڕۆمان بە تەکنیکی چیرۆک بنووسرێت ئاسان نییە، بەتایبەت شێوازی تێکەڵکردنی بەشەکان و ئەو فلاش باکانەی کە دەگەڕایەوە بۆ سەرەتا و گێڕانەوەی حیکایەتەکە لەکۆتاییەوە بۆ سەرەتا، کە بەشێوەیەکە خوێنەر ناچار دەکات دووجار ئەم ڕۆمانە بخوێنێتەوە، جارێک لەم سەرەوە و جارێک لەو سەرەوە .

### دەرکەوتنی دەنگی خاتوونێك

لە ریتم و هۆنینەوە و وشەسازیدا، لە ئاوازی وشەکاندا، لەکەشی دەقەکەدا، هەست بە سەدای خاتونێک دەکەین. شوێن پەنجەی خاتوونێک لەنێو قوڵایی دەقەکەدا بەجێماوە، ئەگەر ناویشی لەسەر نەبێت خوێنەر هەست دەکات خاتونێک بە میهرەبانیەوە لەودیو دەقەکەوە ڕاوەستاوە . خوێنەر هەست بەو دەنگە مێینەییە ناسکە دەکات، جوانی دەقەکەش لەوەدایە کە نووسەر وەکو پیاوێک بیری نەکردووەتەوە و دەنگە مێینەییەکەی خۆی ون نەکردووە، توانیویەتی وەک خۆی بنووسێت. هەر ئەمەش نا توانیویەتی بەوپەڕی بوێری و ڕاستگۆی بنووسێت، توانیویەتی وەک کچێک هەم لەئازارەکانی کچبوون، هەم لە هەست و نەست و ئارەزووەکانی کچ بدوێت، هەم ویستەکانی کچ بخاتەڕوو. تەنانەت سڵی لە دیمەنی وروژێنەر و شتە حەرامەکانی ڕۆژهەڵات نەکردووەتەوە .

# چەسپی شێتانە



■ چیرۆکی: ئێتگار کێرێت

| لە ئینگلیزییەوە: ژیوار جەوهەر

گوتی: دەستی لێمەدە.

پرسیم ئەوە چییە؟

گوتی: چەسپە. جۆرە چەسپێکی تایبەتە. باشترین جۆری چەسپە.

بۆچی کڕیوتە؟

گوتی: چونکە پێویستم پێیەتی. لەمماڵەدا زۆر شت هەن کە پێویستیان بە چەسپ هەیە.

گوتم: لێرە هیچ شتێک پێویستیی بە چەسپ نییە. خۆزگە تێدە گەیشتم ئەو هەموو شتە بۆچی دەکڕی.

«لەبەرهەمان هۆکار کە شووم بە تۆ کرد»، لە لێوەوە ئەمەی گوت «بۆ تێپەڕاندنی کات».

من نەمویست شەڕبکەم، هەر بۆیە بێدەنگ بووم، ئەویش بێدەنگ بوو.

پرسیم: «ئایا هیچ باشە، ئەم چەسپە»؟ وێنەی سەر پاکەتەکەی پیشاندام، کوڕێک بوو کە بە سەرەوژێریی بە بنمیچێکەوە نووسابوو.

گوتم: «هیچ جۆرە چەسپێک بەمشێوەیە کەس چەسپ ناکات. تەنیا وێنەکەیان بە سەرەوژێریی گرتووە. بێگومان گلۆپێکیان لەسەر زەوییەکە داناوە». پاکەتەکەم لێ ستاند و لێیڕامام. «ئەها ئێرەش، سەیری پەنجەرەکە بکە. تەنانەت خۆشیان بە هەڵواسینی پەردەکە بە لاکەی دیکەیەوە ماندوو نەکردووە. ئەوان سەرەوژێرن، وەک ئەوەی هەر بەڕاستی لەسەر بنمیچەکە وەستابن». بەدەم گوتنی ئەمەوە ئاماژەم بۆ پەنجەرەکە کرد. ئەو سەیری نەکرد.

گوتم «سەعات هەشت بووە. دەبێت پەلە بکەم». جانتاکەم بە دەستەوە گرت و ماچێکی روومەتیم کرد. «درەنگ دەگەڕێمەوە، ئیشدەکەم».

گوتی: «ئیشکردن دوای دەوامی ئاسایی. بەڵێ بێگومان، دەزانم».

لە نووسینگەکەوە تەلەفۆنم بۆ ئابی کرد.

گوتم: «ئەمڕۆ ناتوانم بێم. دەبێت زوو بگەڕێمەوە ماڵێ».

ئابی پرسی: «بۆچی؟ شتێک رووی داوە؟».

«نا... مەبەستم، لەوانەیە. پێموابێ هەستی بە شتێک کردووە».

بێدەنگییەکی درێژخایەن هاتە ئاراوە. دەمتوانی گوێم لە هەناسەکانی ئابی بێ.

«نازانم تۆ بۆچی لەگەڵ ئەودا دەمێنیتەوە؟». چرپاندی «هیچ شتێک پێکەوە ناکەن. تەنانەت شەڕیش. هەرگیز لەوە تێناگەم». وچانێکی کورت و دواتر ئەمەی دووبارە کردەوە «خۆزگە تێدەگەیشتم».دەگریا.

«ببوورە. ببوورە، ئابی. گوێ بگرە، کەسێک هات». درۆم کرد «دەبێت دای بخەمەوە. سبەی دێم بۆ لات. بەڵێن بێ. ئەوکات باسی هەموو شتێک دەکەین».

زوو گەڕامەوە ماڵ. هەر کە پێمنایە ژوورەوە گوتم «سڵاو»، بەڵام هیچ وەڵامێک نەبوو. هەموو ژوورەکانی ماڵەکە گەڕام. لە هیچ کامێکیان نەبوو. لەسەر مێزی مەتبەخەکە، لوولەیەکی چەسپم دۆزییەوە، بە تەواوەتی بەتاڵ بوو. هەوڵمدا یەکێک لە کورسییەکان بجووڵێنم، بۆئەوەی دابنیشم. لە شوێنی خۆی گینگڵی نەدا. دووبارە هەوڵمدایەوە. تەنانەت ئینجێکیش. بە ئەرزەکەوە چەسپی کردبوو. دەرگای سەلاجەکە نەکرایەوە. چەسپی کردبوو. تێنەگەیشتم چی روودەدا، چی شتێک وادەکات کارێکی لەم جۆرە بکات. تەنانەت نەشمدەزانی لەکوێ بوو. چوومە ژووری دانیشتنەکە بۆ ئەوەی تەلەفۆن بۆ دایکی بکەم. نەمتوانی دەسکی تەلەفۆنەکە بەرزبکەمەوە، ئەویشی چەسپ کردبوو. شەقێکم لە مێزەکە دا و کەمێکی مابوو پەنجەکانی پێم بشکێنم. تەنانەت گینگڵیشی نەدا.

پاشان گوێم لێی بوو پێدەکەنی. دەنگەکە لە شوێنێکەوە لە سەرووی منەوە دەهات. سەرم بەرزکردەوە، لەوێ بوو، بە پێخاوسی لەسەر بنمیچی ژووری دانیشتنەکە، وەستابوو.

دەم داپچڕاو لێی رامام. دوای ماوەیەک توانیم شتێ گۆ بکەم، تەنیا توانیم بپرسم «ئاسمانەکە ئەوە چییە... ئەوە تۆ شێت بوویت؟».

وەڵامی نەدایەوە، تەنیا پێکەنی. پێکەنینەکەی زۆر سروشتی بوو، کە ئەو بەم شێوەیە سەرەوژێر هەڵواسرابوو، وەک ئەوەی لێوەکانی بەهۆی هێزی کێشکردنی زەوییەوە لێک کشابن.

«بێخەم بە، دەتهێنمە خوارەوە». بە دەم گوتنی ئەمەوە چوومە لای کتێبخانەکە و کتێبە ئەستوورەکانم هێنان. تاوەرێکم لە بەشەکانی ئینسایکلۆپیدیا دروستکرد و چوومە سەر لوتکەکەی.

لە کاتێکدا هەوڵم دەدا بالآنسی خۆم رابگرم، گوتم: «لەوانەیە کەمێک ئازاری هەبێ». ئەو لە پێکەنینەکەی بەردەوام بوو. هەتا توانیم رامکێشا، بەڵام بێسوود بوو. بە وریاییەوە، هاتمەوە خوارەوە.

گوتم: «بێخەم بە. دەچم دراوسێکان بانگ دەکەم یان شتێکی لەو بابەتە. دەچم لە دەرگای دراوسێکان دەدەم و داوای یارمەتییان لێ دەکەم».

«باشە» دڵخۆش بوو «من بۆ هیچ شوێنێک ناڕۆم».

منیش دڵخۆش بووم. ئەو زۆر جوان بوو، هەروەها زۆر نەگونجاویش، کە بەم شێوەیە بە بنمیچەکەوە هەڵواسرابوو. بە قژە درێژەکەیەوە کە بۆ خوارەوە شۆڕ بووبووەوە، مەمکەکانیشی کە لەژێر تیشێرتە سپییەکەیەوە هەر لە دوو دڵۆپە فرمێسک دەچوون. خراپ جوان بوو. بە کتێبەکاندا سەرکەوتمەوە و ماچم کرد. هەستم بە زمانی کرد لەسەر زمانم. کتێبەکان لەژێر پێیەکانم پەرشوبڵاو بوون، بەڵام من لە نێوەڕاستی هەواکەدا مامەوە، تەنیا بە لێوەکانی ئەوەوە هەڵواسرابووم.

# ڕۆژێ لەگەڵ شەودا وەرە





■ پەری شێخ ساڵح

ئەو شەوە لە دەروازەی باخچەکەدا
بۆنی گەیشتنت زووتر لە خۆت هات
درەنگتر لە خۆت رۆیشت
ئەو شەوە، پۆل پۆل پێکەنینەکانی رابردوو
لە باڵیاندا
یەک بزەی تۆ لە پێدەشتی رۆح مایەوە
دایکم هەمیشە پێییدە گوتم هەمووانت خۆشبووێ
من ئێستا یەکێکم خۆشدەوێ و پێمدەڵێن زۆرە
دەڵێن ئەو گوڵە لە ئینجانەکەی تۆ ناڕوێ
من پەرت پەرت بووم بەدەست رابردووەوە
تەنیا ئەو دەتوانێ وەک دووکەڵی جگەرەکەی
لە نێو خۆیدا کۆم بکاتەوە
دوا دێڕەکانم لەسەر چەرمی تەمەنیا بنووسێتەوە
شەوێک دێ نووستووتر لە شەوی باخچەکەو

تۆختر لەوەی لەبیر بکرێ
لەو شەوەدا مانگ بە باڵەکانیەوە دێتە ژووری
تاریکاییم دەخواتەوە
من لەگەڵ مانگی ژوورەکەم
هەموو شەوەکانی دنیام بەدەستەوەیە
پێ بەپێی رۆشنایی دەڕۆم
گوڵە نارنجییەکان ئاو دەدەم
لەو شەوەدا بێهاوتاییت بە ژوورەکەما پەرش و بڵاوە
قژی تەمەن سپی سپیش بێ
کارمامزێکی سرکە و بازان دەدا بە چوارلاوە
من بەو رۆژە روونە
چاوەڕوانیم گڤەگڤی شەو "با" یە
لە نێو شەوان شەوێکم لە خوا دەوێ
ئەو شەوەی رۆشناییەکەمی لە نێو دایە



سەرپەرشتیار: بژار حەکیم